نەخێر پیس نیە، چونکە (پشیلە) زۆر هاتۆچۆ دەکات لە نێو ئێوەدا

لە کەبشەی کچی مالیکەوە -کە خێزانی کورەکەی ئەبی قەتادە بوو- دەڵێت: ئەبا قەتادە هات وهەندێک ئاوم بۆی هێنا بۆئەوەی بۆ دەستنوێژگرتن بەکاربهێنێت، پشیلەیەک هات بۆئەوەی لە ئاوەکەی بخوات، دەفرەکەی لار کردەوە هەتاوەکو لێی خوارد، کەبشە دەڵێت: بینی کە من سەیری دەکەم، (ئەبی قەتادە) ووتی: ئایا پێت سەیرە ئەی کچی براکەم؟ ووتم: بەڵێ، ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەخێر پیس نیە، چونکە (پشیلە) زۆر هاتۆچۆ دەکات لە نێو ئێوەدا».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

ئەبو قەتادە دەستی بە دەستنوێژگرتن کرد، وپشیلەیەک هاتە ژوورەوە -چونکە پشیلە زۆر جار دێتە ناو ماڵان وتێکەڵ دەبێت لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان-، ئەبو قەتادە دەفرەکەی بۆ پشیلەکە لار کردەوە بۆئەوەی لە ئاوی دەستنوێژگرتنەکە بخوات، کەبشە -کە خێزانی کورەکەی ئەبی قەتادەیە- ئەم کارەی بە لاوە سەیر بوو چونکە ئەم ئاوە بۆ دەستنوێژگرتن دانراوە بۆیە دەبێت پاک وپاککەرەوە بێت، ئەبو قەتادە پێی ووت کە پشیلە پیس نییە وکاریگەر نابێت لەسەر تێکچوونی ئاوەکە چونکە پشیلە زۆر هاتوچۆ دەکات و لەگەڵ ژیانی خەڵکی تێکەڵ دەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8361